Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10334

# نامۆبوونی سیاسی لە راڤەی تیۆرەکانی کۆمەڵناسییدا شیکردنەوەیەکی تیۆرییە بۆ دیاردەی نامۆبوونی سیاسی لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسییدا

**سەنگەر حسام عبداللە، ئاسۆ ابراهیم عبداللە**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوە " شیکردنەوەیەکی تیۆرییە بۆ دیاردەی نامۆبوونی سیاسی لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسییدا " هەروەها هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمکی نامۆبوونی سیاسی و دەرکەوتەکانی لای تاك لە کۆمەڵگادا ، لەگەڵ خستنەڕووی شرۆڤەی ئەو زانایانە بۆ چەمکی نامۆبوون بەگشتی و هەڵنجینی ڕەهەندی سیاسییانەی تێگەشتنیان بۆ دیاردەی نامۆبوون . لەم توێژینەوەدا بابەتی قۆناغی جیاوازی مێژوویی تێگەشتنەکان و جیاوازی جۆری کۆمەڵگایی کۆمەڵگاکان بە هەند وەرگیراوە ، بۆئەوەی ئاراستەی تێگەشتنەکان بە تەنها لە چوارچێوەیەکی دیارکراودا نەخرێتەڕوو . هەرچەندە شرۆڤە و تێگەشتنەکان لای زانایانی کۆمەڵناسی زۆر لەم زیاترە . بەڵام ئەو زانایانەی لەم توێژینەوەدا وەرگیراون بەهۆی وردی و قوڵبونەوەیان کارەکانیان جێگەی بایەخی زۆرێك لە توێژەرانی بواری کۆمەڵناسیە .

لەم توێژینەوەدا لەگەڵ پێشەکیدا چەلرچێوەی گشتی توێژینەوەکە و میتۆدی ( شیکاری ) بەکارهێنراوە ، لەگەڵ دابەشکردنی توێژینەوەکە بۆ سێ باسی سەرەکی ، لە کۆتاییشدا گەشتوەتە کۆمەڵێ دەرئەنجام گرنگترینیان : لای مارکس تاك نامۆ دەبێت لەو دەوڵەتەی کە خۆی بونیادیناوە ، بەهۆی بوونی بۆشایی نێوانیان . لای ڤیبەرەوە کەمتوانایی دۆخێکی گشتیە، تاك هەست بەلاوازی دەکات بەرامبەر دەوڵەت ، ئەوەش ملکەچبوون و زەوتکردنی ئازادی و لە دەسەتدانی باڵادەستی تاك لە کۆمەڵگای نوێدا دەردەخات . بەلای دۆرکایمەوە دەرکەوتووە گۆشەگیری مرۆڤ لەسەردەمی نوێ (مۆدێرن ) زۆر زیاترە لە کۆمەڵگا نەریتیەکان . لە تێگەشتنی مارکیوزەوە دەرکەوتوە هەریەك لە سەرمایەدرای و سۆشیالیستی شیوەیەکن لە شێوەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی پێشکەتوو دەرهاویشتەکانیان هۆکارن بۆ نامۆبوون . لای مێلز نامۆبوون کەموکورتییەکە لە گونجانی نێوان ئەوەی بەکرداری ڕوودەدات و ئەوەی کە دەبێت ڕووبدات لەناو ئەو مەرجانەی کە لە ئارادان . لای بۆردیۆ سەرمایەی هێمایی ، بە هۆکاری سەرەکی نامۆبوون دەزانی .

***Article Info***

Received: May, 2023

Revised: May, 2023

Accepted: June, 2023

***Keywords***

نامۆبوون، نامۆبوونی سیاسی، تیۆری کۆمەڵناسی.

***Corresponding Author***

**sangar.abdulla@univsul.edu.iq**

**پێشەکی:**

نامۆبوون یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی لە دونیایی ئەمڕۆدا بوەتە جێگەی مشتومڕی توێژەران لە بوارە جیاوازەکان ، بەهۆی دەرکەتنی زۆرێك لە ڕەهەندەکانی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگاکاندا ، بەجۆرێك لای هەندێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا بەهۆی هەندێك پاڵنەر و هۆکارەوە لە بوارە جیاوازەکاندا گەشتوەتە قۆناغی گونجاندنی نامۆبوون لە دوای ڕەتکردنەوەی کەلتوری کۆمەڵگاکەی ، سەرئەنجام سەردەکێشێت بۆ زۆر گرفت و کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی . بۆیە لەم توێژینەوەدا هەوڵی تێگەشتنی زیاتر لەسەر دیاردەی نامۆبوون بەگشتی و نامۆبوونی سیاسی بەتایبەتی دەدەین لە چوارچێوەی گشتی کۆمەڵناسییدا لای زانایانی کۆمەڵناسی ،

چونکە وایدەبینین بۆ تێگەشتن لە هەر چەمك و دیاردەیەك لە کۆمەڵگادا واباشترە بگەڕینەوە بۆ ناو ئەدەبیاتی ئەو بابەتە ، بە تایبەت ئەگەر دیاردەکە ڕەهەندێکی دووری مێژووی هەبێت و کاریگەری سەردەم و سیستەمە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەلگاکان ڕەنگدانەوەی لەسەر کەڵەکەبوونی زیاتری زانیارییەکان هەبووبێت ، چونکە گەڕانەوە بۆ ئەدەبیات وادەکات توێژەر بەرچاوڕوونی زیاتر بۆ دیاردەکە هەبێت و زیاتر لە گۆشەنیگایەکەوە شرۆڤەی ئامانجی سەرەکی خۆی بکات لە توێژینەوەکەدا ، بۆیە لەم توێژینەوەدا هەوڵمانداوە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوە هەڵنجراوەوە تیشك بخەینە سەر زۆر لایەنی دیاردەکە ، بۆ ئەوەی بزانین ئەم دیاردەیە " نامۆبوونی سیاسی " لە ئێستای کۆمەڵگای کوردییدا تاوەکو چەند نزیکایەتی لەگەڵ تێگەشتن و شیکارییە بنچینەیەکاندا هەیە ، بەتایبەت لەڕوانگەی گەنجانی زانکۆوە . بۆ زیاتر خستنەڕووی بابەتەکە لێرەدا چوارچێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە ( کێشە ، ئامانج ، گرنگی ، میتۆد ) لەگەڵ سێ بەشدا دەخەینەڕوو بەمجۆرە :

**یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە :** نامۆبوون یەکێکە لەو چەمکانەی بە مانای جیاواز خراوەتەڕوو ، هۆکاری ئەوەش لەلایەك پەیوەستە بە جیاوازی ئاراستەی تێگەشتنی زانایان و بیرمەندان و توێژەران بەپێی پسپۆرییە جیاوازەکان ، لەلایەکی تر دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کات و سەردەمی کۆمەڵگاکان و ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتورییانەی بەسەر کۆمەڵگاکاندا دێت . ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین چەمکی "نامۆبوونی سیاسی " وەکو بابەتێکی سەربەخۆ لای زانایانی بواری کۆمەڵناسی بە ئاشکرا دەرناکەوێت ، چەمکی "نامۆبوونی سیاسی " وەکو بابەتێکی سەربەخۆ لای زانایانی بواری کۆمەڵناسی بە ئاشکرا دەرناکەوێت . بۆیە لەڕێگەی ئەم توێژینەوە هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارە وەربگرینەوە ( ئایا ڕەهەندی سیاسی لە شرۆڤەی زانایانی کۆمەڵناسییدا بۆ چەمکی نامۆبوون جێگەی بایەخە ؟ ) یاخود بەمانایەکی تر " چۆن بتوانین لە شرۆڤەی زانایانی کۆمەڵناسی بۆ دیاردەی نامۆبوون بەگشتی شیکاری بۆ دیاردەی نامۆبوونی سیاسی بکەین ؟ "

**دووەم : ئامانجی توێژینەوەکە :** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە خۆی لە زانینی شرۆڤە و شیکاری زانایانی کۆمەڵناسی دەبینێتەوە بۆ دیاردەی نامۆبوون بەگشتی لە پەیوەندییدا بە نامۆبوونی سیاسی ، لەگەڵ هەندێك ئامانجی لاوەکی وەکو :

1-خستنەڕووی شرۆڤەی کارل مارکس بۆ دیاردەی نامۆبوون و ڕەنگدانەوەی لەسەر کایەی سیاسی

2-زانینی تێڕوانینی ماکس ڤیبەر بۆ کاریگەری نامۆبوون لەسەر کایە جیاوازەکان بە کایەی سیاسیشەوە .

3-خستەڕووی شرۆڤەی ئەمیل دۆرکایم بۆ هۆکاری نامۆبوون ڕەنگدانەوەی لەسەسەر بەها و پێوەرەکان لای تاك .

4-تێگەشتن لە قەیرانی مرۆڤی هاوچەرخ و دیاردەی نامۆبوونی لای هربرت مارکیوز و ڕەنگدانەوەی لەسەر کایەی سیاسی .

5-خستەڕووی تێگەشتنی ڕایت مێلز بۆ سیستەمی سەرمایەداری هاوچەرخ و ڕەنگدانەوەی لە دروستبوونی نامۆبووندا .

6-خستنەڕووی شرۆڤەی پییەر بۆردیۆ بۆ فەزای کۆمەڵایەتی وکاریگەری سەرمایەکان لە دروستبونی نامۆبووندا .

**سێیەم : گرنگی توێژینەوەکە :**

1-ئەم توێژینەوە کارکردنە بە ئاراستەی شرۆڤەی دیاردەی نامۆبوون لە سیستەمە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاندا .

2-لەم توێژینەوەدا ڕەهەندی کات و سەردەم لە شرۆڤەی دیاردەی نامۆبوون لای زاناکان ڕەچاوکراوە.

3- ئەم توێژینەوە پیشاندانی ڕەهەندی سیاسی نامۆبوونە لە شرۆڤەی زانایانی کۆمەڵناسی بۆ دیاردەی نامۆبوون لە کۆمەڵگا جیاوازەکان .

4-ئەم توێژینەوە سەربارخستنی هەندێك زانیارییە بە زمانی کوردی لەسەر نامۆبوونی سیاسی .

**چوارەم : میتۆدی توێژینەوە :**

چەمکی میتۆد ( Method ) کە لەسەردەمی یۆنانی کۆندا هەریەك لە ئەفلاتۆن و ئەرستۆ بە مانای توێژینەوە بەکاریانهێناوە ، بەڵام لە ئێستادا بەمانای دەرخستنی ڕاستی زانستەکان دێت لەڕێگەی ئەو ڕێسا گشتیانەوە کە گرنگی بە کاروانی ئەقڵ ، و دیاریکردنی پرۆسەکانی دەدات بۆ گەشتن بە ئەنجامێکی دیاریکراو (عبدالجواد ، 1982 ، 37 ). هەروەها تایبەتمەندی هەندێ توێژینەوە توێژەر ناچار دەکات کە ئەو جۆرە میتۆدە دیاری بکات کە گونجاوە لەگەڵ کاری توێژینەوەکەی ، بۆیە لەم ڕووەو دەتوانین ئەوە دەست نیشان بکەین میتۆدی ئەم توێژینەوە خۆی لە میتۆدی شیکارییدا دەبینێتەوە ، میتۆدی شیکاری " بە یەکێك لە میتۆدە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت ، سودی لێوەردەگیرێت بۆ شێکردنەوەی ئەو تێۆرە کۆمەڵایەتیە زانستیانەی پلەی کۆتایی وەرگرتووە ، هەروەها بەسەرچاوەیەکی زانستی گرنگ دادەنرێت بۆ خوێندنەوەی دۆخێکی کۆمەڵایەتی لە واقعێکی دیاریکراودا( Hsieh - November1277-1288) (دویدری ، 1982 ، 37) ، بۆیە لەم ڕووەوە ئەم میتۆدەمان بەکارهێناوە بۆ خستنەڕووی دۆخی نامۆبوونی سیاسی لەبەر ڕۆشنای ڕاڤە و شیکاری زانایانی کۆمەڵناسی بۆ دیاردەی نامۆبوون .

## بەشی یەکەم : ( دیاریکردنی چەمك و زاراوە زانستیەکان و جۆر و هۆکارەکانی نامۆبون )

### باسی یەکەم : دیاریکردنی چەمك و زاراوە زانستیەکان :

ناساندن و خستنەڕووی چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە بۆ زیاتر ئاشنابوونە بە ئەدەبیاتی ئەو چەمکانە و ئەو هەوڵانەی لەو بارەیەوە دراون لەگەڵ خستنەڕووی مەبەستی توێژەر لە ئاماژەکرد بۆ ئەو چەمکانە ، لەم توێژینەوەدا ئەم چەمکانە خراوەتەڕوو :

**نامۆبوون : الاغتراب - ( Alienation )**

وشەی ( نامۆبوون )ی کوردی بەرامبەر بە وشەی ( الاغتراب ) ی عەرەبی و ( Alienation ) ئینگلیزی و ( Alienation ) ی فەرەنسی_ و ( Entfremdung ) ی ئەڵمانی بەکارهاتووە ، هەردوو وشە ئینگلیزی و فەرەنسییەکە لە وشەی لاتینی ( Alientio ) لاتینییەوە وەرگیراوە ( محەمەد ، 2020 ، 108).

بنچینەی لاتینی وشەی نامۆبوون بریتییە لە ( Alienat io ) ، ئەم ناوە لە فرمانی (فعل ) ی ( Alienare ) وەرگیراوە و بەمانای گواستنەوە خاوەندارێتی هەر شتێك بۆ کەسێکی تر ، یان بەمانای هەڵکێشان و لابردن دێت ، ئەم فرمانە (فعل ) لە فرمانێکی تر کە ( Alienus ) وەرگیراوە ئەویش ئاماژەیە بۆ ئەویتر تر یان پەیوەستبوون بۆ کەسێکی تر ، لە کۆتاییدا دەتوانرێت بگوترێت لە دەربڕینی ( Alius ) دێت کە بەمانای ئەویتر ( الآخر ) ، چی وەکو ناو یاخود ئاوەڵناو (شاخت ،1980، 63).

چەمکی (نامۆبوون ) بەیەکێك لەو چەمکانە دادەنرێت نادیاری و پەرشبوو و ناڕوونی پێوە دیارە ، بەهۆی زۆری بەکارهێنانی لە زۆربەی بوارەکانی ژیانـدا ، وەك دەبینین هەموو بوارەکانی دەروونی و خودی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی وکاتی و شوێنی و تەنانەت زمانەوانی دەگرێتەوە ، هۆکاری بنچینەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندێتی ئەو سەرچاوە فەلسەفی و هزریانەی کە کاریان لەسەر کردووە( عبداللە ، 2005، 22)

هەروەها د. ولد صدیق نامۆبوونی بەم شێوە ناساندوە : بریتیە هەستکردنی تاك بە جیابونەوە لە خودی خۆی ، یان لە کۆمەڵگا یان هەردووکیان ، بەمانایەکی تر واتە هەستکردنی تاکە بەوەی خودێکی واقعی نیە ، گواستنەوەی وزەکانی بۆ دوور لە خۆی ، بەمەش جۆرێك لە نوشوستی و بێ هیوابوون و بێزاری بەرامبەر پاشەڕۆرژ بۆ دروست دەبێت (میلود ، 2015 ، 17).

هەروەها لە پەیوەندییدا بە نامۆبوونی سیاسی : الاغتراب السیاسی (Political Alenation ) دەتوانرێت بگوترێت نامۆبوونی سیاسی بە یەکێك لە بەربڵاوترین جۆرەکانی نامۆبوون دادەنرێت لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان بەگشتی و کۆمەڵگای عەرەبیەکان بەتایبەتی ، بۆیە نامۆبوونی سیاسی واخراوەتەڕوو : ئەو دۆخەیە شێوە و دەرکەوتەکانی بە لاوازی سیاسی دەستپێدەکات وەکو ئاماژەکردن بەوەی کەسی نامۆ توانای ئەوەی نیە کە بڕیاری کاریگەر بدات لە لایەنی سیاسییەوە ، هەروەها پێوەر و ڕێسا ڕێکخراوەکانی بۆ کاری سیاسی لێ ونـدەبێت ، بەمانایەکی تر : مرۆڤ هەست بە نەبوونی ڕۆڵی خۆی دەکات لە پرۆسەی سیاسییدا ، بڕیاربەدەستەکان هیچ گرنگیەکی پێنادەن و بەهەندی وەرناگرن (خلیفە ، ، 2003 ، 97).

دۆخێکی هەستەکیە مرۆڤ گیرۆدە دەکات ، بەهۆی درکردنی بە پەراوێزخستنی و لە دەستدانی ڕۆڵی سیاسی لە کۆمەڵگاکەیدا ، پەرخستن و گوێپێنەدان و بەشداری پێنەکردنی لە هیچ پرۆسەیەکی سیاسیدا ، ئەمەش وادەکات هەست بە جیابونەوە و دوورکەوتنەوە لە واقع بکات ، وێناکردنی بۆ ئەوەی لە دەوروبەریەتی نامۆ بێتە پێش چاو و توانای تێکەڵبونیانی نەبێت ، بڕوای بە هیچ پرۆسەیەکی گۆڕانکاری و گورین نەبێ (میلود ، 2015 ، 17)

نامۆبوونی سیاسی لە پێناسەیەکی تردا بەو مانایە خراوەتەڕوو کە دەربڕی " بێ توانای و لاوازییە لە بەشداری سیاسی و ناڕازیبوون لە سیستم ، هەروەها بەمانای نە بوونی متمانە و تێکشکاوی و بێزار بەهۆی نائومێدییەوە دێت ( عبدالقادر ، 2014 ، 13).

مەبەست لە نامۆبوونی سیاسی هەستکردنی تاکە بە لاوازی بەرامبەر بەشداری ئەرێنی لەو هەڵبژاردنە سیاسیانەی گوزارشت لە بیروبۆچونی ڕاستگۆی جەماوەر بکات ، هەروەها هەستکردنە بە کەنارگیری و پێنەدانی ڕۆڵی ڕاستەقینەی کاریگەر لە دروستکردنی ئەو بڕیارە چارەنوس سازانەی کە پەیوەستە بەرژەوەندیەکانی بەوپێیەی ئازاد نیە لە بیروبۆچونی و گرنگی پێ نادرێت و بەهەند وەرناگیرێت (عباس ، 2016 ، 37).

هەروەها صامئول لۆنگ ( long ) نامۆبوونی سیاسی وا پێناسە دەکات : دۆخیکە کە تێدا هەست بە ناڕازیبوون و بێ هیوای و دوورکەوتنەوە دەکرێت لە سەرکردە سیاسیەکان و سیاسەتی حکومەت و سیستمی سیاسیی ، هەروەها هەستی نامۆبوون وادەبینی کە لە پێنج ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتووە : ( هەستکردن بەلاوازی ، تێکشکاوی ، نەبوونی متمانە ، دووری وتەنیای ، نائومێد ) (مبیج ، 2010 ، 26).

لە ڕوانگەیەکی ترەوە نامۆبوونی سیاسی خۆی لە دۆخی دژبەیەکی نێوان خودێتی تاك و دامەزراوەکانی سیستمی سیاسی و ئەوانەی جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستە ، هەروەها نامۆبوونە بەرامبەر خودی پرۆسەی سیاسیی و دەرئەنجامەکانی و جیبەجێکردنی سیستەم (الشاژلی ، 2008 ، 15 ).

هەستکردنی مرۆڤە بەوەی بەشێك نیە لە پرۆسەی سیاسی ، ئەوانەی بڕیاری سیاسی دەدەن ناگەڕینەوە بۆی وەکو ئەوەی

بـوونی نـەبێت ، بەجۆرێکـە تـاك لـەژێر دەسـەڵاتی دیکتاتۆریـدا تەنها ئامرازێکە بۆ هێزێك لە دەرەوەی خۆی ، بەم هۆیەشەوە هەست بە ئارامی بەرامبەر سیستمی سیاسی و جڵەو بەدەستە حکومیەکان ناکات ، بۆیە نامۆبووی سیاسی هەست بە لاوازی دەکات بەرامبەر بەشداری ئەرێنی لە هەڵبژاردنە سیاسیەکاندا ، هـەروەها بەشـداری ڕاسـتەقینەی کاریگـەر لـە دروسـتکردنی بڕیاری سیاسی کە پەوەست بێت بە داهاتووی خۆی و کۆمەڵگا و بێهیوای لە داهاتووی وڵاتدا (فتحی ، 2016 ، 353).

لای رنشۆن (Renshon ) نامۆبوونی سیاسی ئەو دۆخەیە تاك پێگەشـتووە بـەهۆی هەسـتکردنی بـەوەی نامۆیـە بەسیسـتمی سیاسی ، لەبەرئەوەی بۆشایەکی گەورە هەیە لە نێوان بەهاکانی ئـەو و بـەهای سیسـتم (سیسـتمی سـیاسی ) کـە خـۆی لـە ڕەتکردنـەوەی پێوەرەکانی کۆمـەڵگا و کەلتورەکـەی دەبینێـت ، لـەم دۆخەشـدا نـامۆبوون وابەسـتەی هەسـتکردن بە نـەبوونی ئینتما دەبێت (الرواشده ، 2013 ، 269).

بریتیە لە دۆخی ژیانی پەرگیری و کشانەوەی تاك یاخود کۆمەڵە کەسێك بەشێوەی تەواوەتی یان جارجار لە سیستمی سیاسی بـەجۆرێك یـان ڕەتی دەکاتـەوە یـاخود بەشـێوەیـەکی رووکـەش ملکەچی بووە یان لە ناوەخندا بێزارە لە کۆی پرۆسە سیاسیەکە ، ئـەو دۆخـەش ڕەنگـدارەوەی لـە ڕفتارەکانـدا دەبینرێـت وەکـو بێبـاکی و کشـانەوە و یـاخیبونی شۆڕشـگێڕانە و خۆپیشـاندان و گردبونـەوەی نـاڕازی تەنانـەت تـاوەکو گەشـتن بـە تونـدوتیژی سیاسی و تیرۆر (صادق ، 2019 ، 88) .

پێناسـەی ڕێکـاری نـامۆبوونی سـیاسی : بریتیـە لـەو دۆخ و تێگەشـتنە سیاسـیەی بـۆ تاکـەکانی کۆمـەڵگا دروسـت دەبێـت بەرامبـەر پرۆسـەی سـیاسی و سیسـتەمی سـیاسی و ژینگـەی سـیاسی ، بەهۆییـەوە بێهیـوای و بروانـەبوون بەرامبـەر گۆڕانکاریەکان دروست دەبێت ، تاك هەست بە کاریگەری و گـرنگی خـۆی ناکـات لـە کایـەی سیاسـەتدا و هەسـت بـە بەریکەوتن لە نێوان بەها باڵاکانی کۆمەڵگا و بەها باو و سیاسیە دروستکراوەکان دەکات .

**باسی دووەم : ڕەهەندەکانی کانی نامۆبونی سیاسی :**

لێرەدا ئاماژە بۆ چوار ڕەهەندی گرنگ دەکەین کە زۆرێك لە توێژەران بە گونجاویان زانیوە و گەڕاونەتەوە بۆ دابەشکاری هەریەك لە " ڕابندا کانگو (Rabindra N. Kaungo )( اسـماعیل ، دیـداوی 2019، 17) و فینفـتر (finifter)( عیدی 2019 ، 418) " کە بەمجۆرە خستویانەتەروو :

**یەکـەم : بێتوانـایی سـیاسی ( العجـز -انعـدام القـوه السیاسیه ):** واتە هەستکردنی تاك بەوەی ناتوانێت کارگەری لەسەر کردەوەکانی حکومەت دابنێ ،هۆکاری ئەمەش لای تاك بـۆ ئـەوە دەگـەڕێتـەوە لـەناو کۆمـەڵگـادا دابەشـکردنی بـەها پاوەنخوازیەکان کە بەناوەڕوەکی پرۆسەی سیاسی دادەنرێت ناچێتە ژێر کاریگەری ئەوەوە ، بەوپێیەش پەیوەندی نێوان بێتوانایی سیاسی و کارایی سیاسی بە پەیوەندیەکی پێچەوانە دەناسرێتەوە.

**دووەم : نەمانی مانای سیاسی یاخود بێمانای سیاسی ( انعـدام المعـنى السـياسي ) :** واتـە بێتوانـای تـاك لـە جیاکردنـەوەی بـژاردە سیاسـییە ماناداراەکـان ، چونکـە تـاك ناتوانێت پیشبینی دەرئەنجامە پێشبینکراوەکانیان بکات ، بۆیە ناتوانێـت بـۆ گـۆڕینی بارودۆخـە کۆمـەڵایەتیـەکان بـەکاریان بهێنێت . بڕیاری سیاسی چاوەڕوان نەکراوە بەلای تاکەوە ،ئەو بڕیارانەیە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ناڕێکخراوی هەیە ، بۆیە ڕێگری لە تێگەشتن بۆ سیستەمی سیاسی دادەنێت .

**سێیەم : نـەمانی پێـوەر " بێ پێـوەری سـیاسی ( انعـدام المعـاير السياسـيه – اللامعياريـه السياسـيه ) :** لـەم ڕەهەنـدەدا تـاك بـاوەڕی وایـە ئـەو نـۆرم یـان ڕیسـایانەی وایپیشاندەرێ پەیوەندییە سیاسیەکان بەڕیوەدەبەن شکێنراون ، بۆیـە لادان لـە ڕەفتـارە چـاوەڕوانکراوەکان بوەتـە کارێکی بـاو ، یاخود دەتوانرێت بگوترێت نەمانی پێوەری سیاسی بەمانای درککردن بـە دارمـانی پێوەرەکان لـە پەیوەندییـە سیاسـییەکان دێـت ، لەگـەڵ هەسـتکردن بـەوەی بەرپرسـانی سـیاسی لـە مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکان یاخود گەیشتن بە بڕیارەکان ڕێکارە یاساییەکان پێشێل دەکەن .

**چوارەم :دابڕانی سیاسی یاخود پەرگیری سیاسی ( العزله السياسيه ) :** بەگشتی بابەتی پەرگیری بۆ دوو شێوە دابەش دەبێت ئەوانیش : پەرگیری ئارەزوومەندانە و پەرگیری ناچارییە ، لە پەرگیری ئارەزوومەندانەدا : مرۆڤ بەویستی خۆی دۆخی نـامۆبوون لەگـەڵ دەوروبـەر هـەڵدەبژێرێت نمونـەی ئەمـەش وەکو ( دەرویش ، سۆفی و ئەرستۆکراتیەکان و ڕۆشنبیرەکان ) ، بەڵام لە شێوەی پەرگیری ناچارییدا : مرۆڤ بەهۆی نەبوونی دۆخـێکی پاڵپشـتیکراو لەلایـەن دەوروبـەر و کەسـانی تـرەوە دووچاری ئەم پەرگیرییە دەبێت ، واتە ژینگەی دەووروبەر وای لێدەکات بەناچاری ڕوو لەو شێوە پەرگیرییە بکات (حماد ، 2008 ، 27 ). لـە پـەیوەندییـدا بـە ڕەهەنـدی سیاسـییەوە پەرگیری لێرەدا بەمانای ڕەتکردنەوەی بنەمای ڕەفتاری و ئەو ئامانجـە سیاسـیانە دێـت لای زۆربـەی ئەنـدامانی کۆمـەڵگا جێگەی باوەڕە ، ،لەگەڵ هەستکردن بەوەی بنەمای یارییەکە (القواعد اللعبه ) نایەکسان و نایاسایە ، ئەمەش لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت پابەندبوونە سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا هیچ شـتێکی لێ بەرهـەم نایـەت ، تـەنها دەرخـەری هەنـدێ ڕەفتـاری ڕووکەشی بێکاریگەرن .

## بەشی دووەهەم : نامۆبوونی سیاسی لە راڤەی تیۆرەکانی کۆمەڵناسییدا

زۆرێك لە کۆمەڵناسەکان کاریان لەسەر چەمکی نامۆبوون کردوە ، بەلاّم بە تێگەشتنی ئێمە کاری ئەم زانایانەی خراونەتەڕوو، دەتوانین هەڵنجینینی زیاتر بۆ پرسی نامۆبوون لە کایەی سیاسی کۆمەڵگای کوردییدا بکەین ، ئەو زانایانەش بریتییە لە :

### یەکەم : کارل مارکس و نامۆبوون ( 1818 – 1883 )

بیرمەندان وایدەبینن مارکس یەکەم کەس بووە لیکۆڵینەوەی لە دیاردەی نامۆبوون بەشێوەیەکی کۆمەڵناسیانە کردووە ، تایبەتمەندی بابەتی نامۆبوون لە بیری مارکسییدا بەتەنها خۆی لە گرنگی پێدانی هاوسەردەمەکانی خۆیدا کورت نابیتەوە ، بەڵکو کاریگەری گەورەی لەسەر زانایانی کۆمەڵناسی نوێش هەیە (صونیە 2010 ، 600).

چەند ساڵێکی کەم دوای مردنی هیگڵ لە ساڵی (1831 ) دا ، مارکس چەمکی نامۆبوون کە پێشتر بارگاوی بوو بە کاریگەری هەریەك لە هیگڵ و فیورباخ لە چەمکێکی فەلسەفیەوە گۆڕی بۆ چەمکێکی کۆمەڵایەتی – ئابوری ، بەتایبەت ئەوە لە کتێبی ڕەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵ 1843-( Critique of Hegels Philosophy of Right ) دەردەکەوێت ، هەروەها لەڕێگەی کتێبێکی تریەوە بەناوی " دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکانی 1844 " پێداچونەوەی بە بناغەکانی چەمکە نوێیەکە کرد ، بەجۆرێك هەتاوەکو کۆتای ژیانی گرنگی بەو چەمکەدا هەرچەندە هەندێك لە ڕەخنەگرانی وایان لێکداوەتەوە بەجۆرێك لە جۆرەکان دەستبەرداری ئەو چەمکە بووبێت لە قۆناغەکانی تردا ، لەگەڵ ئەوەی هیگڵ و فیورباخ کاریگەری گەورە و ڕاستەوخۆیان هەبوو لەسەر مارکس ، بەلاّم ئەو چەمکی نامۆبوونی بەمانا ئایدیاڵیەکەی لە هزری ئەوروپی تێپەڕاند و لەبەرامبەردا نامۆبوونی لەبەر ڕۆشنای چوارچێوەی مێژووی و کارکردن لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان و بارودۆخە نامرۆییەکان شیکاری کرد (برکات ، 2006 ، 39).

مارکس ئەم چەمکە (نامۆبوون )ی چەندجارێك بەکارهێناوە ، بەلاّم لە هەموو بارێکدا بۆ ئاماژەدان بە بوونی جۆرێك لە جیابونەوە بەکاریهێناوە ، بۆیە ئەو جۆرە جیابونەوەیە لە کۆتاییدا لەشێوەی خۆبەدەستەودان دەردەکەوێت ،واتە کۆی ئەو پرۆسە بەمانای خۆبەدەستەوەدانی بالاّدەستی مرۆڤە بۆ بەرهەم و کارەکانی (شاخت ، الاغتراب ، 1980، 141).

مارکس پێی وایە مێژووی مرۆڤ لەڕووی جۆرەوە مێژووی گەشەسەندنی مرۆڤە ، بەلاّم لە هەمانکاتدا مێژووی زیاتربوونی نامۆبوونیشە . چەمکی سۆشیالیزم لای مارکس بریتییە لە ڕزگاربوون لە نامۆیی و گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ خودی خۆی و بەدیهێنان و سەلماندنی خۆیەتی .

نامۆبوون یاخود ( داماڵین - ) لای مارکس بەو مانایە دێت ، مرۆڤ لە پرۆسەی پەیبردن بەجیهان و ، خۆی وەکو هێزێکی چالاك نابینێتەوە ، بەڵکو خودی جیهان خۆی و ( سروشت ، خەڵکانی دی و مرۆڤەوە بۆ خۆشی ) هێشتا نامۆکەری مرۆڤن . ئەو شتانەی مرۆڤ خۆی دروستیکردوون بەسەرسەریەوەن و لەدژین . نامۆبوون لەڕووی جەوهەرەوە نواندێکی خراپی جیهان و خودە ، وەکو ئەوەی خود لە بارێکی جیابونەوەدا بێت لەگەڵ بابەتدا (فرۆم ، 2015 ، 5-6 ). هەر لەم ڕووەوە " جۆن تشار" بە ئاماژەیەکی ڕوون چوار جۆر لە نامۆبوونی لای مارکس دیاریکردوە ئەوانیش (حماد ، 2008 ، 35-36):

1-نامۆبوونی مرۆڤ لە بەرهەمی کاری خۆی . .

2-نامۆبوونی مرۆڤ لەو هەوڵ و تیکۆشانە ئەیدات ( واتە لە کارەکەی )

3-مرۆڤ لە خودی خۆی نامۆبووە، واتە لە مرۆڤایەتی نامۆبووە .

4-مرۆڤ لە مرۆڤەکانی تر ، واتە لە کۆمەڵگا نامۆ بووە .

لە پەیوەندییدا بە ڕەهەندی سیاسی یەکێك لە پێناسەکانی دەوڵەت لە ئەدەبیاتی مارکسیدا ئاماژەدانە بەوەی دەوڵەت ئامرازێکە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی بۆرژوازی ، واتە دەوڵەت بە بەهەموو دام ودەزگا جیاوازەکانیەوە ، سیاسەتێك بەرهەم دەهێنێت لە خزمەتی چینی بۆرژوازییە ، هەروەها ئەو ئایدۆلۆژیایەی دەوڵەت دەیخاتەڕوو جەماوەری پێ ڕازی دەکات هیچ نیە جگە لە ئایدۆلۆژیای چینی بۆرژوازی ، بۆیە دەبینیت هۆشیارییەکی ساختە بەرهەمدەهێنێت بۆ چینی کرێکار ، بەلاّم لە بنچینەدا بۆ بروا پێهێنانی ساختەیە و بریتیە لە ئایدۆلۆژیای چینی بۆرژواز .بەلاّم ئەوکاتەی هۆشیاری ڕاستەقینە لای کرێکار دروست دەبێت گۆڕانکاری ڕاستەقینە و بنچینەی بکات و گۆڕینی سیستەم بەدواد بێت (زاید ، 2007، 51). لەلایەکی ترەوە دەبینیی مارکس لە پرسی دیاردەی نامۆبوون و سیاسەتدا ئاماژە بەوە دەکات : تاکەکەس دەوڵەت دروست دەکات بۆ بەڕیوەبردن و ڕێکخستنی کارەکانی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی لەگەڵ کەسانی تردا بەدادپەروەری ، بەلاّم بە خێرای تاکەکەس هەست بەوە دەکات کە نامۆیە لەو دەوڵەتەی کە لەسەرەتادا خۆی بونیادیناوە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێز یاخود ئەو بۆشاییەی کە تاك لە دەوڵەت جیادەکاتەوە ، ووردە ووردە تاك لە دەوڵەت دووردەکەوێتەوە و لێی دەترسێت وە بەو هێزەی هەژمار دەکات کە کار و چالاکی سەربەستیەکانی بەند دەکات (ئەلحەسەن ، 2005 ، 47-48).

## دووەم : ماکس ڤیبەر و نامۆبوون ( 1864 – 1920 ) :

ناوبانگی ئەم زانایە زیاتر بە تیۆری بیرۆکراسی لە ڕێکخستەکاندا ناسراوە ، ئەوکارەی بە گەورەترین و ناسراوترین تیۆری دادەنرێت و گەورەترین کارێکی زانستیە پێشکەشی کردوە ، لەو تیۆرەیدا ئاماژەکانی لیکۆڵینەوە لە دیاردەی نامۆبوون بەدەرکەوتووە ، ئەوەی خستوەتەڕوو بیرۆکراسی " ئازادی تاکەکەسی " لە چوارچێوە دەدات و پەیوەستی کۆمەڵێك سنوری دیاریکراوی توندی خۆبەخۆی دەکات ، ئاسۆی بیرکردنەوەی بەرتەسك دەکات و توانای تێگەشتنی بۆ ئەو ڕۆڵانە نابێت کە وابەستەی ڕیکخستنی گشتی دەکات (صونیه ،2010 ، 599)

بەگشتی کارەکانی ماکس ڤیبەر لەناوخندا ئاماژەکانی چەمکی نامۆبوونی لەخۆگرتووە ، هەرچەندە هەمان زاراوەی ( نامۆبوون ) و هیچ کام لەوەرگیراوەکانی بەکارنەهێناوە ، بەڵام کاتێ دەمانەوێت تاوتوێی شرۆڤەی کارەکانی ڤیبەر لە پەیوەندییدا بە بیرۆکەی ئەقڵانی بکەین ، بۆمان دەردەکەوێت بەرکەوتەی ڕاستەخۆی بە پرسی نامۆبوونی گشتییەوە هەیە دوای لەدەستدانی کۆنترۆڵی تایبەتی . ئەم تێگەشتنەش لەکارەکانی ڤیبەر لە پەوەندییدا بە نامۆبوون " ڕۆبرت نیسبت " گرنگی زۆری پێداوەو و بە باشی خستویەتیە ڕوو ، وەکو دەبینرێت سەرەتای دەسپێکی شرۆڤەکانی بۆ دونیابینی ڤیبەر لە پرسی نامۆبووندا بە ئامازەدان بە نەفرەتی ئەقڵانی لای ڤیبەر دەستیپێکرد .

لای ڤیبەر ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ئەقڵانیەت و نامۆبوون دروست دەبێت بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەقڵانیزم تەنها پرۆسەیەکی سیاسی نیە ، هەروەها کاریگەرییەکانیشی تەنها لە بیرۆکراسی سیاسیدا کورت نابێتەوە ، بەڵکو کاریگەرییەکەی درێژ دەبێتەوە تا ئەو ئەندازەی کەلتور بەگشتی و ئەقڵی مرۆڤیش بەتایبەتی لە خۆ دەگرێت ، هەروەها کاریگەری بەهێزی هەیە لەسەر بونیادی دەوڵەتی ئابوری مۆدێرن ، ئەمە لە کاتێکدایە دەبینرێت ئەقڵانیەت وەکو پرۆسەیەك بونیادی نەریتی و کەلتوری نەریتی لوشداوە ، سەرەڕای ئەوەی ئەو بونیاد و شێوە ژیانانەی لە ماوەکانی ڕابردوودا دروستبوون بەگشتی ژینگەیەکی لەباربوون بۆ پرۆسەکانی داهێنان و ئازادی ، بەڵام وردە وردە بەهۆی ئەقڵانێتەوە گوشار کەوتە سەر ئەو بونیادەی پیشوو بەهۆی گرنگی پێنەدان و بەلاوەخستنی ئەو بەهایانەی کە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتبوو . بەمشێوەیە ئەقڵانیەت بوو بە هەڕەشە بۆ سەر داهێنان و ئازادی و بەهەمان شێوەش وێرانکردنی ئەقڵ . ڤیبەر وایدەبینێ هەڕەشەکانی سەر ئازادی و داهێنان دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەقڵانێتە ، بەوپێیەی سەرسامی و گرنگیپێدان لە بەهای کەلتوری نەریتی دادەبڕێت . هەروەها بە وردبونەوەی زیاتر لە بابەتەکانی نامۆبوونی ڤیبەر لە لادانی ئەقڵانیزم دەرکەوێت ، لەبەرئەوەی ئەقڵاتیەت و ئەو هێزانەی کاریان بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە ستەمی ڕابردوو کرد ، کەوتنە داوەکانی ئەقڵانێتەوە و لە ئازادی و مەعریفەش بێبەشی کردن ، ئەمەش نوێنەرایەتی گەورەترین کارەسات دەکات مرۆڤ ڕووبەڕووی بوەتەوە ، چونکە قورسترە لە هەر هێزێك لە ڕابرددودا کۆنترۆڵی مرۆڤی کردبێت و ئازادی لێ وەرگرتبێتەوە ، ئەم تێڕوانینەشی بە ئاشکرا لە ڕەخنەکانی لە سیستەمی سەرمایەداری بەدەردەکەوێت دوای ئەوەی بە دیاردەیەکی نوێ و ئاڵۆزی توند گوزارشتی لێکرد و بە ئەقڵانیەتێکی باڵا ناساندی ، کە هەموو لایەنەکانی ژیانی لە سیستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی نوێ گرتوەتەوە (شتا ، 1984، " 134 -135 – 136 " ) .

بە پێچەوانەی مارکسەوە ، دەرکەوتوە ئەم کۆمەڵناسە ئەڵمانییە وایدەبینێ لاوازی و کەم توانای دۆخێکی گشتیە ، بەتەنها لە کریکاردا کورت نابێتەوە ، بەڵکو هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە خۆدەگرێت ، جەختیش لەوە دەکاتەوە زانا و سەرباز و توێژەر و مامۆستای زانکۆ و خاوەن پیشەکانی تر کۆنترۆڵییان بەسەر ئامراز و بەرهەمەکانیان نیە زۆرجار دابڕاوە لێیان . سەرباز باڵادەستی بەسەر ئامرازەکانی توندوتیژی نیە ، توێژەران لە سەنتەرە گەورەکانی توێژینەوە کۆنترۆڵیان بەسەر ئامرازەکانی توێژینەوە و بابەت و مەبەست و پراکتیزەکردنی نیە . دەتوانرێت بگوترێت هاونیشتیمانی لاوازە بەرامبەر دەوڵەت تەنانەت لە کۆمەڵگا دیموکراسیەکانیشدا ، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە ڕاستیدا دەوڵەت باڵادەسترە . دەوڵەت پاریزبەندی بەدەستهێناوە کە فەرمانڕەوا دەتوانێت باڵاتر لە گەلەکەی دەرکەوێت هەرچەندە لەلایەن گەلیشەوە هەڵبژێرابێت . دەوڵەت بەشداری بە هاونیشتیمانیەکانی خۆی ناکات لە دروستکردنی بڕیاری گرنگدا ، بۆیە زۆرجار توشی سەرسوڕمان دەبێت بە بڕیار و ڕووداوە سیاسیەکان ، بەتایبەت ئەو بڕیارانەی کاریگەری گەورەی لەسەر چارەنوسیان هەیە (برکات ، 2006 ، 43).

هەروەها کاتێك ڤیبەر باسی کۆمەڵناسی سیاسی و بەها سیاسییەکانی دەکرد ، خەمی دەرکەوتەکانی نەبوونی گرنگیپێدان بە جیهانی هەبوو ، کە شارستانیەتی ڕۆژئاوی گرتوەتەوە بەهۆی گرفتاربوونی بە پرۆسەی ئەقڵانێت و دەرهاویشتەکانی ئەو پرۆسە لەسەر ڕەفتار . هەروەها ڤیبەر لە شیکاری چەمکی دەسەڵاتدا کە چەمکێکی بنەڕەتیە لە تیۆرەکەیدا دەربارەی بیرۆکراسی ، سێ شێوەی جیاواز لە دەسەڵات دەخاتەڕوو " دەسەڵاتی نەریتی – دەسەڵاتی ئەقڵانی – دەسەڵاتی کاریزمی " ، بەوەش دەردەکەوێت سێ جۆر لە دەرکەوتەی کۆمەڵایەتی بۆ دیاردەی نامۆبوون لە ڕێکخستنی نوێدا ئاشکراکردوە : یەکەم دەرکەوتە : خۆی لە زەوتکردنی ئازادی و لەدەستدانی باڵادەستی

دەبینێتەوە کە بەهۆی سروشتی دابڕانەوە دروست بووە ، بەهۆکاری ملکەچبوون بۆ سیستەمی یاسایی لە ڕێکخستنی نوێدا ، سەرەڕای ئەوەی زەوتکردنی ئازادی لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ملکەچبوون بۆ کەسانی کاریزمی لەلایەك و لەلایەکی تر بۆ ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتیانەی دەسەڵاتی نەریتی لەسەر دامەزراوە . لەگەڵ ئەوەی بابەتی ملکەچبوون لە شێوازی دەسەڵاتی نەریتی و شێوازی دەسەڵاتی یاسایی ئاماژەیە بۆ ملکەچبوونی خود بۆ بابەت ، نەك خود بو خود ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە نێوان ئەو دوو بابەتە هەیە ، دەسەڵاتی نەریتی پشت بە سروشتی داب ونەریت و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان ، بەڵام لەدەسەتدانی باڵادەستی لە کۆمەڵگای نوێ دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی سیستەمی یاسایی. ، هەروەها دەرکەوتەی دووەم : خۆی لە سروشتی کۆنترۆڵ بەسەر کرێکار بە پاڵپشتی بەڕێوەبردنێکی ڕێکخراو و ناچاری کە لە بەرژەوەندی خاوەن کار و موڵکەکانە ، دەرکەتەی سێیەمیش : خۆی لە شێوازەکانی ڕێکخستنی نوێ بەگشتی دەبنێتەوە لەوەی کۆمەڵێك ڕیگری توند و ڕیسا و یاسای بەهێزە کە کۆنترۆڵی تەواوی جومگەکانی ژیانی تاك و ئازادییەکانی کردوە ( شتا ، ،1984، 136 -137 ) .

## سێیەم : ئەمیل دۆرکایم و نامۆبوون ( 1858 – 1917 )

دۆرکایم لە کارەکانیدا گرنگی بە پرسی پەیوەندی نێوان "ئازادی و پێویستی " داوە ، ئەوەش لەو پرسانەیە هیگڵ لە پێش ئەودا گرنگی پێدابوو ، لەو ڕووەوە ئاماژەی بەوەکردوە " تێگەشتن لە پەیوەندی نێوان خود و بابەت "، دەروازەیەکی دروستە بۆ تێگەشتن لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی نامۆبوون (شتا ، ،1984 ،80 ) ، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات نامۆبوونی تاك وابەستەی دابڕاوی زانینێتی لە ئەقڵی بەکۆمەڵ ، ئەوەشی خستوەتەڕوو کۆمەڵگا سادەکان تەبەنی سیستمێك دەکەن تێیدا بەرژەوەندی تاکەکان ملکەچە بۆ بەرژەوەندی گشتی ، لەسەر ئەو بنەمایەشە تاك بیرکردنەوەی گەشە دەکات و هەوڵی بەجێهێنانی ئەرکەکان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بەتەواوەتی ئەدات ، بۆیە تاك کاتێك دەگاتە تەمەنی پێگەیشتوویی هەست بە هیچ شەرمەزارییەك ناکات بەوەی لە پێناو کۆمەڵدا دەیکات ، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست بە ئاسودەی ئەو دۆخە دەکات کە تێیدایە ، هەروەها وایدەبینێ ئەوجۆرە پەیوەندیانە لە کۆمەڵگای نوێ ونبووە ، بۆیە ئاماژە بۆ هەندێ دۆخی ناسروشتی دەکات کە بەهۆی پێشکەوتنەوە دروست بووە لە کۆمەڵگای نوێدا وەکو " دڵەڕاوکێ و ڕەشبینی و نەمانی بەختەوەری " ، ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ دابەشکردنی کار . دۆرکایم لە لایەکی ترەوە جەخت لەوە دەکاتەوە هاوبەندی کۆمەڵایەتی چارەنوسی مرۆڤەکان دەپارێزێ ، ئاماژە بەوەش دەکات نائومێدی و تەنیایی لە مێژووی نوێ و ترسی خودی و خەمۆکی و دڵەڕاوکیی زۆر دەرئەنجامی مەیلی تاکگەرییە کە کۆمەڵگای نوێی گرتوەتەوە (مساعدیە ، 2013 ، 31-32 ).

ئەم زانایە سەرنجی خۆی چڕکردوەتەوە لەسەر گۆشەگیریی مرۆڤ لەسەردەمی نوێ (مۆدێرن ) بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای نەریتی ئەمەش لەڕێگەی کتێبە ناسراوەکانیەوە (دابەشکردنی کار و خۆکوشتن ) دەرکەوتووە . لە ڕاڤەکردنی بۆ نامۆبوون وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەرنجی لاوازی کۆمەڵگایداوە ، وایدەبینێ کۆمەڵگا ناتوانێت تاکێتی تاکاکەکان بسەلمێنێت ، ئەوەش وادەکات ڕەفتاری تاك ملکەچی ویستی کۆمەڵگا یان خێزانی و ڕێوڕەسمەکان بێت ، ئەم ملکەچبوون و پاشکۆیەتیەی لە کۆمەڵگای نوێدا بۆ تاك دروست بووە ، بەهۆی لەدەستدانی ئەو پێوەر و بەها ئاکاریبانەوەیە ئاراستەی ڕەفتاری تاکەکان کراوە وەکو دەبینین دۆرکایم ناوی ناوە " لاوازبوونی ویژدانی گشتی "( شریفه ، و العمری ، 05 ، 2018 ، 281 -282)

سەرەڕای ڕەنگدانەوەی چەمکی نامۆبوون لە ناوەڕوەك و مانا لە شرۆڤەکانیدا ، بەڵام دۆرکایم لە کارەکانیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوەی نەکردوە لە بابەتی نامۆبوون ، بەڵکو هەوڵەکانی بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ بووە لەو ڕووەوە ، وەکو دەبینرێت لە لێکۆڵینەوەی بابەتی (خۆکوشتن ) دا ڕەهەندی نامۆبوون بەتەواوەتی دەرکەتووە و لە بەرزترین ئاستدا ڕەنگیداوەتەوە ، خۆکوشتن بەبڕوای دۆرکایم بەرهەمی هەڵوەشانەوە و داڕوخانە لەو پەیوەندیانەی تاك بە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانی سروشتێکی سەرەتاییەوە دەبەستێتەوە ، ئەوەی بۆ دەرکەوتووە " لە کاتێك پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا یان بەهاکانی تێکدەشکێ و لاواز دەبێت کە بوارێکی کەم بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ناوەکی بەرامبەر بە ئەوانی دیکە هەبێت ، لەم دۆخەشدا پابەندبوونی هاوبەش کەم دەبێتەوە ، بۆیە لەوکاتەدا ئەگەری خۆکوشتن چاوەڕوانکراوە ، ئەمەش دۆخێکی تایبەتە بە لەدەستدانی ڕیساکان سەرەڕای ئەوەی جەخت لە پابەندبوون دەکەنەوە ، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا دۆرکایم ئەمەی ناوناوە لەدەستدانی پێوەرەکان یان ئەنۆمی (Anomie) ، کەواتە لەدەستدانی پێوەرەکان و لەدەستدانی خودێتی تاك لە ناو کۆمەڵگای گۆڕاودا بۆ خۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی نامۆبوون و گەورەترین گوزارشتە لێی .(صونیه ،2010 ، 598)

دۆرکایم لەکاتی لێکۆڵینەوەی لە سەر ئایین، گرنگیداوە بە لایەنی ناوخۆیی و یەکانگیری لە سیستەمی بەها و پێوەرەکاندا ،بە هێمای کۆمەڵگای زانیوە ، لەم ڕووەشەوە جیاوازی نێوان بەهایی نمونەی و بەهای واقعی ناکات و وایدەبینێ خەڵکی ئەو بەهایانەیان لا پیرۆزە و ڕێزیدەگرن ، واقعی کۆمەڵایەتی بەڕای دۆرکایم شتێکە لە دەرەوەی ویژدانی تاك ، چونکە هەست و

هزری گروپەکەیە ، کاتێك تاك هەست بە لاوازی هاوبەندی کۆمەڵایەتی بکات کە بەهۆی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیەوە دروست ببێت ، سەرئەنجام گیرۆدەی هەستکردن بە دابڕانی کۆمەڵایەتی دەبێت و یەکانگیری کۆمەڵایەتی لاواز دەبێت یان بەمانایەکی تر توشی نامۆبوون دەبێت . ئەو دیاردە بەزۆری لە کۆمەڵگا پیشەسازی و پێشکەوتوو و سەنتەر شارستانیە گەورەکان بەدیدەکرێت (صونیە ،2010 ، 598). دۆرکایم وایدەبینێ لەدەستدانی پێوەرەکان لە کۆمەڵگادا دەرئەنجامی تەواونەبوونی پرۆسەی گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە هاوبەندنی میکانیکی بۆ هەوبەندی ئۆرگانی ، واتە پێشکەوتن لە دابەشبوونی کار لە کۆمەڵگادا زۆر خێراتر کەوتوەتەوە لە پیشکەوتن لە بنەمای ئاکاری ئەو دابەشبوونەی لەکاردا هاتوەتەوکایەوە . (مساعدیە ، 2013 ، 32 ).

هەروەها ئاماژەی بۆ بابەتی "دابەشکردنی کار" بە مامەڵەیەکی تری کۆمەڵناسی دادەنرێت بۆ دیاردەی نامۆبوون ، دەبینی ئاماژەی بە هاوبەندی ئۆرگانی کردوە ، ئەوەی خستوەتەڕوو گونجانی کرێکار لەگەڵ کاری پیشەسازی لە کۆمەڵگای نوێ بەشێوەیەکی پلەبەندی ڕوودەدات و بەوەش هاوبەندی ئۆرگانی جێگەی هاوبەندی میکانیکی دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵگا لادێنیشینی . ئەم زانایە شارستانیەت وەك دەرئەنجامی دابەشبوونی کار دەبینێت ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دابەشبوونی کارە دەبێتە هۆی گۆشەگیرکردنی کرێکار لە ئەرکێکی قورس و ڕۆتینێکی بێزارکەر لە ڕێگەی جووڵەیەکی دووبارەبوەوە بۆ ماوەیەکی درێژ ، ڕەنگە بگاتە چەندین ساڵ ، سەرەڕای لایەنی ئەرێنی لە دابەشبوونی کاردا بەدیدەکرێت وەکو پەرەسەندن و پێشکەوتن ، بەڵام لایەنی نەرێنیش بوونی هەیە بەشێوەیەك لە شێوە ناسروشتیەکان دادەنرێت ، کە کاریگەری لەسەر تاك بەجێدەهێڵێت لەڕووی ڕۆچوون لە کارەکەی و خۆگۆڕین و گۆشەگیربوونی لە چالاکیەکی وردا ، بەجۆرێك هەست نەکات بە نزکترین هاوکارانی لەکارەکەدا بەهۆی سەرقاڵبوونی بەو چالاکییە دووبارەیە ، بەپێی کات ئەوە لە بیر دەکات ئەمە کارێکی هاوبەشە ، دوای ماوەیەکی تر توشی دوورەپەریزی دەبێت و تێکەڵاوی ناکات . کاری ڕۆتینی دووبارەی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە ، دووبارەبونەوەی هەمان جوڵەی سادە کاریگەری لەسەر کرێکار دەبێت توشی گۆشەگیری و لەدەستدنی مانای کارکردنی دەکات. (صونیە ،2010 ، 599).

## چوارەم : هربرت مارکیۆز و نامۆبوون ( 1898 – 1979 ) :

مارکیۆز لە کتێبەکانی " مرۆڤی تاك ڕەهەند " و کتێبەکانی تری " ئەقڵ و شۆڕش " و " سەرهەڵدانی تیۆری کۆمەڵایەتی " گرنگی بە قەیرانی مرۆڤی هاوچەرخ و دیاردەی نامۆبوونی داوە . بۆیە دەبینی ئەم زانایە چەمکی نامۆبوونی بۆ وەسفکردنی دۆخی تاك لە کۆمەڵگای نوێ بەکارهێناوە ، وایدەبینێ تاکی نامۆ ئەو کەسەیە هەست بە لاوازی و کەمتوانای دەکات بەرامبەر هەڵویستە چارەنوسازەکانی ژیانی ، هەروەها هەست دەکات ئەو بەها باوانەی هەن هیچ سودێکی ئەوتۆی بۆ ئەو نیە . مارکیوز وایدەبینێ چەمکی نامۆبوون خودی گیرۆدەی کێشە کردوە ، خەڵکی خۆیان بەهۆی کاڵاکانیانەوە دەناسێنن ، جەوهەری ڕوحی خۆیان لەڕێگەی ئۆتومبێل و تەلەفزیۆن و ماڵێکی کەشخە و ئامێرە نوێیەکانی چیشتخانەکانیانەوە دەدۆزنەوە ، بەڵام دەپرسێت ئەم کاڵا و شمەکە نوێیانە چی لە خود دەکەن بۆ ئەوەی جەوهەرەکەی لەدەست بدات .( خولە ، 2015 ، 95 -96)

هەروەها سەرەڕای ئەوەی مارکیۆز درکی بە لەدەستدانی کۆنترۆڵ لە پەیوەندییدا بە ڕەهەندی زانین (المعرفە ) و ئازادی لای هیگڵ و لەدەستدانی ئازادی لای مارکس کردبوو ، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر کاریگەربووە بە بیرۆکەی لەدەستدانی کۆنترۆڵ ،( فقدان السیگرە ) وەکو دەبینین مارکیۆز ئەم بیرۆکەی لە کتێبەکانی (خۆشەویستی و شارسانی ) و (مرۆڤی تاك ڕەهەند ) و( لیبوردەیی سەرکوتکەر و تیۆری نکوڵیکردن ) هەروەها لە دوو وتارەکەیدا ( بەرەو ڕزگاری ) و (چاوخشاندنەوەیەك بە چەمکی شۆڕش ) خستوەتەڕوو ، بەوەش گەشتوەتە ئەو ئاماژەی " لە قاڵبدانی سیاسی بەشێوەیەکی ڕوون ڕەوتی جەماوەری داگیرکرد و لە پێشەنگی تیۆری جەماوەردا جیگەی دیارە " ، ئەوەش لە لیکۆڵینەوەی هاوبەشی هەریەك ( سالمۆن روتیگ ) و (ئارتیل نیل) لەسەر فرەڕەهەندی نامۆبوون ئاماژەی بۆ کراوە ، لەسەر ئەو بنەمایە بیرۆکەی مارکیۆز بەدەردەکەوێت لەسەر کۆمەڵگا پیشەسازییە پیشکەوتووەکان بەوە وەسفیان دەکات لە چوارچیوەی دیموکراسیدا ئازادی تێدا لەدەستدراوە ، بۆیە ئەو دۆخەش بە نیشانەی شارستانیەتی پیشەسازی پیشکەوتووی دەزانێ . لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەش دەگاتە ئەو باوەڕەی بڵێت ( هیچ دەرفەتێکمان لە پێشدا نیە دەبێت دان بەوەدا بنێین کۆمەڵگای پیشەسازی پیشکەوتوو لە بەرەیەکی نا ئەقڵانیدایە ، چونکە بەرهەمهێنانەکەی گەشەسەندنی ئازادانەی پێداویستی و بەهرەکانی مرۆڤ لەناو دەبات ) (شتا ، 1984 ، 173)

لای مارکیوز هەریەك لە سەرمایەدرای و سۆشیالیستی شیوەیەکن لە شێوەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی پیشکەتوو ، ئەوەش لە ئاماژەکانیدا دیارە جیاوازی بنەڕەتی لە خاوەندارێتی و باڵادەستییدا تەنها جیاوازییەکی چەندایەتیە لە پێکهاتەکانیاندا ، بەڵام بۆ گۆڕانی چۆنیەتی لە سروشتی کۆمەڵگادا پێویستی بە گۆڕانکاریە لە پێکهاتەی تەکنۆلۆژییەکەدا ، ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای پیشەسازی خاوەن شارەزایی زانست و

تەکنۆلۆژیایـە ، خـۆی بـەجۆرێك ڕێکـدەخات بەبـەردەوامی باڵادەستی خۆی بسەپێنێت و بە ئەندازەیەکی کاریگەرتر بەسەر مرۆڤ و سروشتدا زاڵبێت . (شتا ، 1984 ، 173)

مارکیوز قسەی زیاتر لەسەر کۆمەڵگای پیشەسازی و جێکەوتە نەرێنێەکانی دەکات لەسەر مرۆڤ ،ئەوەش بەهۆی شیکاری بۆ هەریـەك لـە کۆمـەڵگا سـەرمایەداری و سۆشیالیسـتیەکان ، وادەبیـنی هەریـەك لـەو دوو سیسـتەمە پیشـکەوتنی بـەخۆوە بینیوە ، هەروەها وایدەبینێ ئەم دوو سیستمە (سەرمایەداری و سۆشیالیسـتی ) سیسـتەمی سـەرکوتکردنن ، بۆیـە دەبیـنی کۆمەڵگای پیشەسازی (Industrial Society ) کۆمەڵگای تەکنۆلۆژین ناو دەبات ، کێشەی سەرەکی سەردەمی پیشکەوتنی تـەکنۆلۆژیادا بـەلای مـارکیوزەوە خـۆی لـەوە دەبینێتـەوە باڵادەستیەکی نائەقڵانی زاڵە ، ئەم سەردەمە بەجۆرێکە هەم ڕەخنـە و هـەم دژایـەتی بـە نائەقڵانی دەزانێت ، هـەروەها ئـەم کۆمەڵگا پیشەسازییە پیشکەوتووە مەیلی بەرەو بەرهەمهێنانە وەك لایەنێکی ئەرێنی خۆی لەگەڵ دابینکردنی خۆشگوزەرانی ، بەڵام ئەم کۆمەڵگایە لە ناوەخندا سەرکوتکردن و کۆمـەڵگای تاك ڕەهەندە ، کۆمەڵگای پیشەسازی کۆمەڵگایەکی نائەقڵانیە ، دوو تایبەتمەنـدی سـەرەکی ژیـانی مرۆڤایـەتی وێـران دەکـات ئەوانیش " توانای مرۆڤ بۆ بڕیاردان و توانای گۆڕینی بونیادە ) ، واتـە ئـەم کۆمـەڵگایـە بـە کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ دەدەنرێت و سـەرکوتی بەرهەمـەکانی مـرۆڤ دەکات ئەمـەش مەرجێکـە بـۆ پەرەسـەندن و گەشـەکردنی بەرهـەمهێنان ، ئـەمجۆرە لـە نائـەقڵانی کۆمـەڵگا بـە ئاراسـتەی پێکەوەنوسـان ویـەکانگیری دەبـات و لـە هـەموو جـۆرە دژبـەیەکیـەك دووردەکەویتـەوە و وادەکا تاك ملکەچی کۆمەڵگاکەی بێت.

مارکیۆز سەرەڕای ئاماژەی بۆ لایەنی نەرێنی تەکنۆلۆژیا ، پێوایە لـە کۆمـەڵگای پیشەسـازی گـەورەدا تـەکنۆلۆژیا بـە ئـامرازی سەرکوتکردن و کۆنترۆڵکردن دانانێت ، بەڵکو قسەی لەسـەر چۆنیـەتی ئاراسـتەکردنیەتی بـە ئاراسـتەیـەکی سـیاسی ، واتـە ڕەخنەی لەسەر خودی تەکنۆلۆژیا نیە ، بەڵکو ڕەخنەی لەسەر ئـەو ئاراسـتەکردنە سـیاسی و ئایدۆلۆژییـە کـە بـەهۆی تەکنۆلۆژیاوە دەکرێت و وادەکات تەکنۆلۆژیا ببێتە ئامرازێك بۆ زاڵبـوون بەسـەر مـرۆڤی هاوچـەرخ . بۆیـە دەبیـنی لـە کۆتاییـدا ئاماژە بەوەدەکات هـەرکاتێك تـەکنۆلۆژیا ڕۆڵی سـەرکوتکردن و کـۆنترۆڵی مـرۆڤی گێڕا بـە هـۆی ئاراستەکردنی سیاسـیەوە ئـەوا ناتوانرێـت ڕۆڵی بێلایـەنی بخرێتـە پـاڵ لـە کـۆی پرۆسـەکەدا (مسعودی ، ، 2017 ، 58 -60).

**پێنجەم : رایت مێلز و نامۆبوون ( 1916 – 1962 ) :**

ئـەم زانایـە هەوڵیـداوە وابەسـتەیـەك لـە نێـوان ڕەخنـەگرتنی کۆمەڵگای ئەمریکی و ڕەخنەگرتنی کۆمەڵناسی بکات ، بەخاڵێکی گرنگی دەزانێت کە فەرامۆشکراوە لای ئەوکەسانەی خۆیان لە ڕیزبەنـدی بزوتنـەوەی ڕەخنـەگران لـە بـواری کۆمـەڵناسـیدا دەدادەنێـن ، لـێرەدا مێلـز پـرسی نـامۆبوونی مـرۆڤی ئـەمریکی و سـاختەبوونی هۆشـیاریبیانی ڕوونکردوەتـەوە ،لەگـەڵ خسـتنەڕووی ئـەو بێبـاکی و کەمتەرخەمیانـەی لـە بابـەتی گۆڕانکارییـدا لەسـەریان باسـدەکرێت ، هـەروەها بـەڕای مێلـز ئەوانەی سەرقاڵی توێژینەوەن لەسەر کۆمەڵگا واقعی کۆمەڵگای ئـەمریکادا وابەسـتەی هۆکاری تـری دەکـەن ، وەکـو ئـەوەی بەبـەردەوامی جـەخت لـەوە دەکەنـەوە کێشـەی مـرۆڤ کێشـەیەکی کۆمـەڵایەتی و بونیادی نیە ، بەڵکـو کێشـەیەکی دەروونی کەسییە ، بۆیە دەبینی لە زۆرێك لە توێژینەوەکانیاندا ئەو پرسە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهاتنی مرۆڤ و گونجانی لەگەڵ ئەو واقعە و ژینگەی تێدایە ، ئەوەش پەیوەستە بەئەندازەی توانای دەروونی بۆ ڕاهاتن و گونجان ، واتە ئەگەر ئامادەگی و توانای هەبوو ئەوا نامۆبوون کەم دەبێتەوە یاخود بە پێچەوانەوە . بۆ تێگەشـتن و سـەلماندنی لاوازی و سـاختەی ئـەو جـۆرە لێکدانانەوە کە بەلای مێلزەوە شرۆڤە نیە هەوڵیداوە کۆمەڵێك توێژینەوە و بابەتی لەسەر چینە کۆمەڵایەتیەکان کردووە (عبد المعـگی ، 1998 ، 154) لەسـەر هەریـەك لـە " کرێکـاران و چیـنی نـاوەڕاسـت و دەسـتەبژێری هـێز (خـاوەن هـێز ) " بەمشێوەی خوارەوە :

لە توێژینەوەیەکی بەناوی ( سەرکردەی کرێکاری – 1948 ) لە بارەی کرێکارانـەوە جـەخت لـە گەشەسـەندنی چیـنی کرێکاری ئەمریکا دەکات ، بـەجۆرێك سـەرکردەکانی کرێکاران لـەڕێگـەی سەندیکای کرێکارییەوە دەگەنە پێگە لەناو دەستەبژێری هێزدا ، واتە کرێکاران لەژێر چەتری سەرمایەداری نوێدان و ئەو ڕۆڵە مێژوویـەی بـۆ جێبـەجێکرنی شـۆڕش دەوتـرا پشـتگوێخراوە و لەگەڵ سیستەمەکەدا خۆی گونجاندوە

هـەروەها لـە پـەیوەندییدا بـە چیـنی نـاوەڕاستەوە لـە کتێبی ( خـاوەن ئێخـە سـپییەکان – 1951 ) مێلـز ئامـاژەی بـە گـۆڕانی شێوەی ئەم چینە کردوە ، بەوەی زیاتر خۆیان لە فەرمانبەران و پیشـەوەران و خـاوەن کارە بچوکـەکان دەبینێتـەوە ، لـەبارەی ئەم چینەوە ئەوەی خستوەتەڕوو لە هەموو چین و توێژەکانی تر بارودۆخیان جیاوازترە بەوەی لە دۆخێکی بێ دەنگی و بێباکی و نـامۆبوونی تایبـەتن ، ئـەوەش بـەهۆکاری نـەبوونی سـەندیکای تایبـەت و کاریگـەر و لاوازبـوونی ڕۆڵییـان لـە کۆمـەڵگـادا کـە ڕەنگدانـەوەی سیسـتەمی سـەرمایەداری نوێیـە لەسـەریان و ناتوانن فشاری گەورە دروست بکەن بە ئاراستەی گۆڕانکاری (زایـد ، 2007 ، 79-80). لـەبارەی خـاوەن هـێز و تواناکـانی کۆمەڵگاشەوە لە کتێبی ( دەستەبژێری هێز -1956) بەمشێوە دەیخاتەڕوو:

1- خاوەن سامانە گەورەکان بەتایبەت ئەوانەی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەرکەوتوون ، ئەمانە ژمارەیان کەمە

وکۆنترۆڵی تەواوەتی ئابوری ئەمریکایان کردووە بە پرۆژە و قۆرخاکاری بازاڕ و فشارخستنە سەر کۆمپانیا بچوکەکان .

2- گەورە پیاوانی سوپا ئەوانەی چوونەتە ناوکایەی سیاسەتەوە بەتایبەت لەدوای جەنگی ساردەوە بەهۆی شارەزایان لە بواری سەربازی و کاریگەرییان لەناو دامەزراوە حکومیەکاندا .

3- سیاسیەکان و پیاوە گەورەکانی حزبە سیاسیەکان ، ئەمانەش توێژێکی بچوکن وەکو ( سەرۆك کۆمار و جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران وسەرۆکی دامەزراوەکان و لیژنەکان وکەسە کاریگەرەکانی کۆشکی سپی ) . بەگشتی لەکۆمەڵگای ئەمریکیدا هێز لای ئەم سێ توێژەیە و پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیەکی یەکانگیری و بەرژەوەندیخوازانەی ئاشکرا نەکراوە ، بەجۆرێك پێکەوە هاوکاری یەکتری دەکەن و یەکتر تەواو دەکەن وکار و هێزی کۆمەڵگا لای خۆیان دەهێڵنەوە ، هەندێجار بە بەرنامە و پلانی تاکنیکی جیاواز واپیشان دەدەن جیاوازن ، بەڵام لە ناوەڕوەکدا ڕێکەوتوون لەسەر هیشتنەوەی هێز لای خۆیان (زاید ، 2007 ، 80-82).

بەگشتی ڕایت مێلز گرنگییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوە لە قەیرانی مرۆڤی ئەم چەرخە داوە ، نامۆبوونیش بەپێیی شرۆڤەکانی میلێز دەرئەنجامی جیابوونەوەی نێوان بەها شاراوەکانی (پەنهانەکان) کۆمەڵگە کە خەونی تاکیان لێوە دروست دەبێت لە لایەکەوە ، لە لایەکی ترەوە بونیادی کۆمەڵایەتی کە بەدیهێنانی ئەو ئارەزوانە سنوردار دەکات ، نمونەی ئەوەش بیرۆکەی بەشداریکردنی کارایانەیە لە ناوەندی بڕیارداندا لە کۆمەڵگەی دیموکراتدا ، لەم ڕووەوە بایەخدانی تاکەکان بە پرسە سیاسییەکان پێویستی بە ئازادیی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ڕای گشتی هەیە ، تەنانەت ئەگەر ڕای گشتی بەڕاستییش ئازاد بێت ئەوا هێشتا بەس نیە ، بەتایبەتی ئەگەر بڕیارەکان لە کۆمەڵێك دامەزراوەی بیرۆکراسیدا بوونی هەبێت ، چونکە لێرەدا چاودێریکردنێکی دیموکراسیانە مەحاڵ دەبێت . بەمانایەکی تر نامۆبوون وای لێدێت گوزارشت لە جیاوازیی نێوان شێوەی نمونەیە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو شێوازە دەکات کە بەهۆیەوە جێبەجێ دەکرێن ، لێرەوە نامۆبوون وابەدەردەکەوێت کە کەموکورتییەك بێت لە گونجانی نێوان ئەوەی بەکرداری ڕوودەدات و ئەوەی کە دەبێت ڕووبدات لەناو ئەو مەرجانەی کە لە ئارادان و لە سروشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجێکەوە هاتوون ، لەمەشەوە پێناسەی نامۆبوون وەك دژبەیەکیەك لە نێوان نموونەگەراییە کۆمەڵایەتیەکان و واقعی کۆمەڵایەتی دەبینێت ، بەڕای مێلز ئەم پێناسە بۆ هەموو گونجاوە کە کۆمەڵێك بونیادی جیاوازیان هەیە (خولە ، 2015، 96).

## شەشەم : پییەر بۆردیۆ و نامۆبون ( 1930 – 2002 ) :

بۆ تیگەشتن لە بیری بۆردیۆ لە پرسی نامۆبوون دەبێت ئاگاداری تیگەشتەنکانی لەسەر بنەمای تایبەتمەندیە جیاوازەکانی سەرمایە و ڕەنگدانەوەی لەسەر تاك وگروپەکان بیت ، کە لە ناوخنی کارەکانیدا بەدیدەکرێت ، بەتایبەت لە پەیوەندییدا بە دەسەڵات و هەژموونی هێمای لە کۆمەڵگادا ، کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و پەردەپۆشکراو کار لەسەر ئاراستەکردنی کۆمەڵگا و ڕێکخستنی گوتار و یاسا وڕیساکان دەکات بەمەبەستی خولقاندنی دۆخ و ژینگەیەکی پلان بۆ دارێژراو بۆ بەڕیوەبردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگا ، بۆیە لەم ڕووەوە بەگرنگی دەزانین سەرەتا ئاماژە بە چەمکی دەسەڵاتی هێمایی لای بۆردیۆ بکەین کە بەمجۆرە خراوەتەڕوو " بۆ دیاریکردنی چەمکی دەسەڵات و دەسەڵاتی هێمایی تیۆری بۆردیۆ کاری لەسەر دابەشکردنی جیهانی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵێك کایەی تاڕادەیەك سەربەخۆ کردوە لەگەڵ تێگەشتن لەو جیهانە کۆمەڵایەتیە ، لەم ڕووەوە زۆر بە وردی و بەرپرسیارییەکی گەورەوە جەختی لەسەر چۆنیەتی کارکردنی میکانیزمی کایەکان لە جیهانی کۆمەڵایەتی کردوە ، لە پێناو خستنەڕووی واقع و سروشتی لۆژیکی ناوخۆیی ئەو جیهانە ، لە پەیوەندی بە دیالێکتیکی چەمکی دەسەڵاتەوە " (صلعی ، و نریمان ، ، 2019 ، 100).

هەر لەبارەی دەسەڵاتەوە بۆردیۆ ئاماژە بەوە دەکات ( دەسەڵات شتێك نیە لە شوێنیکدا جێگیر بوبێت، بەڵکو سیستمیکە لە پەیوەندییە بەیەکەوە گرێدراوەکان ، ئەوەشی خستوەتەڕوو پیویستە هەموو بونیادی جیهانی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی لە میکانیزمەکانی زاڵبون و کۆنترۆلکردن تێبگەین ) ، بۆیە دەبینی بەگشتی دەسەڵات بەلای بۆردیۆوە سیستەمێکی ئاڵۆزە ، دزە دەکاتە ناو هەموو ئەو پەیوەندی و وابەستەیبانەی کە لەناوخۆدا کاردەکەن ، لەڕیگەی میکانیزمی ورد و کاریگەرەوە ئاراستەی بونیادی گشتی دەکات لەو سیستەمەدا (بقوح ، 2008 ، www.m.ahewar.org) .

لەبارەی دەسەڵاتی هێمایی بۆردیۆ ئاماژە بەوە دەکات : دەسەڵاتی هێمایی هێزیکی نەبینراوە و تەنها لەڕیگەی ئەوکەسانەوە درکی پێدەکرێت کە دانی پێدا دەنێن و پراکتیزەشی دەکەن ، بۆیە دەتوانرێت بەهۆکارێکی سادە ئاماژە بەکاریگەری دەسەڵاتی هێمایی بکرێت بەوەی زۆر قوڵتر و مەترسیدارتر دەردەکەوێت ، چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی بونیادی دەروونی و هزری وەرگرەکانی دەکاتە ئامانج ، هەروەها هەر دەسەڵاتێکی هێمایی پراکتیزەی کارەکانی بە پلان و قوڵی دادەڕێژێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئامانجانەی پلانی بۆدانراون و پێشبینیکراون بەدیبهێنرێت لەگەڵ بەرهەمهێنانی ئامراز و میکانیزم و پێوەری گونجاو وکاریگەر بۆ سەقامگیری و دروستکردنی دۆخێکی مرۆیی خوازراو پلان بۆدارێژراو .( عبدالرحمان ، 2020 ، 105)

لە پەیوەندییدا بە پرسی نامۆبوون چەمکی شوینگری ( الموجعە ) بـە خـاڵی هاوبـەشی نێـوان کـارل مـارکس و پییـەر بۆردیـۆ دادەنرێت لە شیکارییان بۆ نامۆبوون ، سەرەڕای هاوبەشیان لەو چەمکەدا ، بەڵام ئاماژە و تیزەکانی بۆردیۆ بۆ نامۆبوون پێچەوانـەی تیزەکانی مـارکس بـوو ، چونکە بۆردیـۆ وایـدەبینێ هـەژموونی هێمـایی (سـیمبولی ) کـار بـۆ سڕینـەوەی جیـاوازی تاکەکەسی و جیاوازی نێوان ئەو تایبەتمەندیانـە دەکات کـە پەیوەندیدارە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتیەوە لە پێناو بونیادنانی تیـۆری هاوئاهـەنگی نێـوان هـەموو لایـەك ، ئـەو هاوئاهەنگیـە بۆردیـۆ خسـتویەتی ڕوو بریتیـە لـە هاوئاهەنگیـەکی ناچـاری و بەشێوەیەکی زۆرملێ بەسـەر تاکەکان دەسـەپێت ، بـەڵام لـەو پرۆسە خود ( الڑات ) ڕەتی دەکاتەوە ملکەچبێت بۆ دەسەڵاتێ لە دەرەوەی خۆی بێت و بیەوێت هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کـە هـەیـەتی لـێ وەربگیرێتـەوە ، بەمـەش تونـدوتیژی هێمـایی ڕوودەدات لـەڕێگـەی بـەکارهێنانی هـێزی هێماییـەوە کـە دەسـەڵات سـود وکـەڵکی لێوەرگرتـوە ، لە کۆتاییدا پـەیوەنـدی نێوان ئەوەی باوە و ئەوەی کەوتوەتە ژێر کاریگەری باو : بریتیە لـە پـەیوەنـدی هەژمونـدار و هـەژمون لەسـەرکراو ، لـێرەدا هەژمونـدار ئـەو کەسـەیـە خـاوەن سـەرمایەیـەکی هێماییـە کـە تایبەتمەنـدی ئـەو کایـە کۆمـەڵایەتییـەی دەکـات (الحقـل الاجتماعی ) و تێدا پراکتیزەی توندوتیژی هێمایی دەکات ، بەڵام هـەژمون لەسـەرکراو ئەوکەسـانەن خـاوەنی بـڕی پێویسـت لـە سـەرمایەی هێمـایی نـین تـاوەکو بتـوانن بـوونی خۆیـان و تایبەتمەندییەکانیان بسەپێنن .

یان بەواتایەکی تر ئـەو کەسـانەن ئەوەنـدە سـەرمایەیان هـەیە توانای دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لەناو کایەکەدا (الحقـل ) نیـە بێ گـەڕانـەوە و بەشـداری دەسـەڵاتی تـر ، لـەم دۆخـەدا هـیچ بـژاردەیـەکیان لـە پێشـدا نامێنێـت تـەنها ئـەوە نـەبێت بەشـێوەیـەکی ئاگاییێ یـان نائاگایانـە کـەلتوری بـاو وەربگرن ، ئەوەش بە کرۆکی چەمکی نامۆبوون لە بیری بۆردیۆ دادەنرێـت ،هـەروەها هـەر کەسـێك تایبەتمەنـدی خـۆی لێ دابماڵرێت دەبێتە دیلی تایبەتمەندیەکانی تر و نامۆ دەبێت لە خودی خـۆی ، کە جەوهـەری بوونیـەتی ، بـوونی کۆمـەڵایـەتی تاکـەکان هۆشـیاریان دیـاری ناکات تـەنها لـەو کاتـەدا نـەبێت پـەیوەندییـە کۆمـەڵایـەتیـەکان لـەدەرەوەی ویسـتی ئـەوان بـن ( النایلی ، 2014 ، 42).

**ئەنجامەکان :**

1-لای مـارکس دەوڵـەت و حکومـەت و دامـەزراوەکانیان و ئایدۆلۆژیا باو لە خزمەتی چینێکی دیاریکراوە و هۆشیاری ساختە دروست دەکات ، بۆیە تاك نامۆ دەبێت لەو دەوڵەتەی کە خۆی بونیادیناوە ، بەهۆی بوونی ئەو بۆشاییەی لە نێوان تاك و دەوڵەت دروست دەبێت، چونکە وایدەبینێ دەوڵەت کار و چالاکی سەربەستیەکانی بەند دەکات ، ئەوەش سەردەکێشێت بۆ شۆڕش و گۆڕانکاری .

2-لە شرۆڤەی ڤیبەرەوە دەرکەوتووە نامۆبوون یاخود لاوازی و کـەم توانـای دۆخـێکی گشـتیە ، بەتـەنها لـە کریکـاردا کـورت نابێتـەوە ، بـەڵکـو هـەموو پـەیوەندیـە کۆمـەڵایەتیـەکان لـە خۆدەگرێـت ، بۆیـە دەبیـنی تـاك هەسـت بـەلاوازی دەکـات بەرامبەر دەوڵەت ، ئەوەش ملکەچبوون و زەوتکردنی ئازادی و لە دەسەتدانی باڵادەستی تاك لە کۆمەڵگای نوێدا دەردەخات ، بەهۆی سروشتی سیستەمی یاسایی و وادەکات کۆمەڵێك ڕیسا و بنەمای بابەتی دروست ببێت ئەرك و پەیوەستبوون دیاری بکـات ، بەوهۆیەشـەوە فـەرمانڕوا بـەهۆی پاڵپسـتی یاسـایی دەسەڵاتی خۆی بەکاردێنێت .

3-لە تێگەشتنی دۆرکایمەوە دەرکەوتووە گۆشـەگیریی مـرۆڤ لەسەردەمی نوێ (مۆدێرن ) زۆر زیاترە لە کۆمەڵگا نەریتیەکان ، هۆکاری ئـەوەشی گـەڕاندوەتـەو بـۆ ئـەوەی کۆمـەڵگای نـوێ ناتوانێـت تاکێتی تاکاکـەکان بسـەلمێنێت ، ئـەوەش وادەکات ڕەفتـاری تـاك ملکـەچی ویسـتی کۆمـەڵگـا یـان خـێزانی و ڕێورەسمەکان بێت و پاشکۆیەتیەی لە کۆمەڵگای نوێدا بۆ تاك دروست بێت ، هۆکاری ئەوەشی گەڕاندوەتەوە بۆ لەدەستدانی ئەو پێوەر و بەها ئاکاریانەوەیە ئاراستەی ڕەفتاری تاکەکان ، واتە لاوازی ، لەدەستدانی پێوەرەکان لە کۆمەڵگادا دەرئەنجامی تەواونەبوونی پرۆسەی گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە هاوبەندنی میکانیکی بۆ ئۆرگانی

4-لـە تیگەشـتنی مـارکیوزەوە دەرکـەوتوە هەریـەك لـە سـەرمایەدرای و سۆشیالیسـتی شـیوەیـەکن لـە شـێوەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی پیشکەتوو دەرهاویشتەکانیان هۆکارن بۆ نامۆبوون، چونکە دوو تایبەتمەندی مرۆڤ لەناو دەبات کە ( توانـای بڕیـاردان و توانـای گـۆڕینی بونیـادە ) ئـەوەشی خستوەتەڕوو کۆمەڵگای پیشەسازی پیشکەوتوو لە بەرەیەکی نا ئەقڵانیدایـە ، چونکـە بەرهەمهێنانەکـەی گەشەسـەندنی ئازادانـەی پێداویسـتی و بـەهرەکانی مـرۆڤ لـەناو دەبـات . لە قاڵبدانی سیاسی بە ڕوونی لە پێشەنگی تیۆری جەماوەردا دیارە . لـەبارەی تـەکنۆلۆژیاوە مـارکیوز ئـەوەی خسـتوتەڕوو لـە کۆمـەڵگای پیشەسـازی گـەورەدا بـە ئـامرازی سـەرکوتکردن و کـۆنترۆڵکردن دانانێـت ، بـەڵام مەبەسـتی لـە خـودی تەکنۆلۆژیاکـە نیـە ، بـەڵکـو قسـەی لەسـەر چۆنیـەتی ئاراستەکردنیەتی بە ئاراستەیەکی سیاسی ، بەتایبەت ئەوکاتەی ئاراسـتەکردنە سـیاسی و ئایـدۆلۆژی کـە بـەهۆی تـەکنۆلۆژیاوە دەکرێـت و وادەکـات تـەکنۆلۆژیا ببێتـە ئامرازێـك بـۆ زاڵبـوون بەسەر مرۆڤی هاوچەرخ .

5-لە شرۆڤـەی ڕایت مێلزەوە دەرکـەوتووە سیسـتەمی سـیاسی بەجۆرێکـە توانـای بڕیـاردان لـە دەسـتی چینـێکی دیـاریکراوە (

دەستەبژێری هێز ) ، ئەم چینە ئەگەرچی  شێوە ژیان و بونیاد و سیستەمێکیان بەرهەمهێنا بۆ کۆمەڵگا ، بەڵام لە ململانێدایە لەگەڵ ئەو بەها شاراوانەی لای تاکەکان ئارەزووی دەکەن . ئەوەی خستوەتەڕوو نامۆبوون کەموکورتییەکە لە گونجانی نێوان ئەوەی بەکرداری ڕوودەدات و ئەوەی کە دەبێت ڕووبدات لەناو ئەو مەرجانەی کە لە ئاراداون و لە سروشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجێکەوە هاتوون

6-لە تێگەشتنی بۆردیۆوە دەرکەوتوە دەسەڵات تەنها لە یەك شوێندا نیە ، بەڵکو لە زۆربەی کایە جیاوازەکاندایە ، بەوەش تاکەکان لە کایە جیاوازەکان لە ململانێدان ، بەڵام پاشخانی سەرمایە جیاوازەکانیان کاریگەری هەیە لە کۆنترۆڵکردنی کایەکان ، بەتایبەت سەرمایەی هێمایی ، بە هۆکاری سەرەکی نامۆبوون دەزانی ، چونکە هەوڵی سڕینەوەی جیاوازییەکان دەدات و پەیوەندی نێوان  ئەوەی باوە و ئەوەی کەوتوەتە ژێر کاریگەری باو : بریتیە لە پەیوەندی هەژموندار و هەژمون لەسەرکراو و هەژموندار ئەوکەسەیە خاوەن سەرمایەی هێمایی ئەوکایە کۆمەڵایەتییە تێیدایە پراکتیزەی توندوتیژی هێمایی دەکات ، بەڵام هەژمون لەسەرکراو ئەوکەسانەن خاوەنی بڕی پێویست لە سەرمایەی هێمایی نین تاوەکو بتوانن بوونی خۆیان بسەپێنن، دەسەڵاتیش سود لەو دۆخە دەبینێ.

**سەرچاوەکان :**


1) محەمەد ، کامەران (2020) ، کورد بونیادێکی نەخەملیوو ، چاپخانە تاران ، ، سلێمانی.

2) ئەلحەسەن ، ئیحسان محەمەد (2005)، سۆسیۆلۆژیا لای مارکس و ماکس ڤیبەر ، و : دانا مەلا حەسەن ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، کتێبی گیرفانی ژمارە (63 ) ، سلێمانی .

3) فرۆم ، ئەریك ، (2015) چەمکی نامۆبوون لای مارکس ، و: ئارام جەمال ، ئایدیا " گۆڤارێکی فیکری وەرزییە و گرنگی بە وەرگێڕان دەدات "  ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لیکۆڵینەوەیە ، ژمارە (5-6 ) حوزەیران ، سلیمانی ،

4) عبدالجواد ،احمد رافت (1982)، مبادىء علم الاجتماع ، مكتبة نهضة الشرق – جامعة القاهرة ،مصر، 1982

5) أنيسة صلعي ،و نريمان عماني (2019)، مفهوم إعادة الإنتاج الاجتماعي عند بيار بورديو ، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماستر في الفلسفة –فلسفة اجتماعية ، قسم الفلسفة ، كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية ، جامعة قالمة مشهور بجامعة ( 08 ماي 1945 ) ، 2019

6) فتحي ،بكار (2016)، الاغتراب السياسي و اثره على المشاركة الانتخابية في الجزائر ، مجلة القانون – العدد (07) ديسمبر 2016 ، المركز الجامعي ، معهد القانونية و الادارية .

7) عبدالقادر، بلعابد (2014)، الاتجاه نحو العنف و علاقته بالإغتراب لدى الشباب في ضوء متغيرى الثقافة والجنس ، رسالة دكتوراه في علم النفس مقدمة الى قسم علم النفس و علوم التربية ، كلية العلوم الاجتماعية ، جامعة الوهران ، الجزائر .

8) صونية ، حداد(2010) ، نظرية الاغتراب في الفكر السوسيولوجي ، مجلة الإحياء ، مجلة دورية محكمة تصدرها كلية الانسانية و الاجتماعية والعلوم الاسلامية –جامعة الحاج لخضر باتنة -الجزائر ، العدد الرابع عشر .

9) حماد ،حسن (2008)، الاغتراب الوجودى " دراسة في جدل الصراع بين الرغبة في التنفرد و غواية الامتثال " ، هلا للنشر والتوزيع ، الجيزة – مصر .

10) النايلي ،حليمة (2014)، الحقول الاجتماعية و دورها في إغتراب العاملين بالمؤسسات البترولية ، دراسة ميدانية بمؤسسة  ، مذكرة مكملة لنيل الشهادة الماجستير في علم الاجتماع الاتصال في المنظمات ، قسم الاجتماع ، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية ، جامعة قاصدى مرباح- ورقلة ، الجزائر .

11) عيدي ،جاسم محمد (2019)، الاغتراب السياسي و علاقته بالثقة الاجتماعية المتبادلة لدى الطلبة الجامعة ، الجامعة المستنصرية – كلية التربية –قسم الإرشاد النفسي و التوجيه التربي – مركز البحوث النفسية – مجلة العلوم النفسية - المجلد 30 – العدد 3

12) معدن شريفة  و العمري سليمة (2018)، الاغتراب الوظيفي في ضوء مقاربات سوسيولوجية  ، مجلة العلوم الإنسانية – المركز الجامعي علي كافي تندوف – الجزائر العدد 05 .

13) ميلود ، ولد صديق (2015)، الإغتراب السياسي في الوسط الطلابي " دراسة استطلاعية لرأى المجتمع الطلابي في العملية السياسية على ضوء التحولات السياسية في العالم العربي ، مركز الكتاب الاكاديمي .

14) زايد ، احمد (2007) ،مقدمة علم الاجتماع السياسي ، نهضة مصر للطباعة والنشر ، ط2 ، القاهرة ، مصر

15) بركات ، حليم (2006)، الاغتراب في الثقافة العربية " متاهات الإنسان بين حلم والواقع ، مركز دراسات الوحدة العربية ، ط1 ، بيروت – لبنان .

16) عبد المعطي،.عبدالباسط (1998)، اتجاهات النقدية في علم الاجتماع المعاصر ، عالم المعريفة ،  سلسة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة و الفنون والادب ،  الكويت  .

17) الشاذلي ،عبدالحميد محمد( 2008) ، الاغتراب النفسي لدى الشباب الجامعي ، مجموعة اجيال لخدمات التسويق و النشر و الانتاج الثقافي ، ط1 ، القاهرة –مصر .

18) خليفة ،عبداللطيف محمد ،(2003) دراسات في سيكولوجية الاغتراب ، دار الغريب للطباعة و النشر و التوزيع ، القاهرة

19) شتا ، لسيد علي (1984)، نظرية الاغتراب من منظور علم الاجتماع ، دار عالم الكتب للنشر والتوزيع ، الرياض ،

20) د.نداء مشطر صادق (2019)، الامن الفكرى ، كأحد اليات معالجة الاغتراب السياسي لدى الشباب " إنموذج معرفي مقترح للجامعات العراقية " دراسة منشورة في مجلة السياسية و الدولية

21) عباس، دانيال علي (2016)، الاغتراب النفسي وعلاقته بالتحصيل الدراسي " دراسة مقارنة بين طلبة المرحلة الثانوية الترلاء في مراكز الإيواء والطلبة المقيمين في محافظة دمشق ، الماجستير في علم النفس التربوي ، قسم علم النفس ، كلية التربية ، جامعة دمشق

22) خولة ، دبلة (2015)، دور التصدع الأسري المعنوي في ظهور الاغتراب النفسي لدى المراهقين ، دراسة حالة لبعض المراهقين ، دار الجنان للنشر و التوزيع ، عمان ، الاردن .

23) دويدرى ، رجاء وحيد (2000)، البحث العلمي " اساسياته النظرية و ممارساته العلمية ، دار الفكر،دمشق – سوريا

24) شاخت ،ريتشارد (1980)، الاغتراب ، ت : كامل يوسف حسين ، المؤسسة العربية للدراسات و النشر ، بيروت – لبنان .

25) الرواشدة ، علاء زهير (2013)، الاغتراب السياسي لدى الشباب الجامعي – المجلة الأردنية للعلوم الاجتماعية – المجلد 4 – العدد 3 .

26) اسماعيل ،قراقي سفيان ، ديداوي فاطمة ، الاغتراب السياسي عند الشباب " دراسة ميدانية لطلبة العلوم السياسية بالجامعة أدرار"
27) عبدالرحمان ،كلتوم (2020)، السلطة و الآليات الرمزية عند بيار بورديو ، اطروحة مقدمة لنيل درجة دكتوراه الطور الثالث في الفلسفة ، قسم الفلسفة ، كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية ، جامعة الحاج لخضر – باتنة1
28) مساعدية ،لزهر(2013) ، نظرية الاغترب من المنظورين العربي و الغربي ، دار الخلدونية للنشر و التوزيع ، الجزائر ،
29) بقوح، محمد (2008)، نظرية السلطة عند بيير بورديو ، مقال منشور في موقع ( الحوار المتمدن ) ، www.m.ahewar.org،
30) مسعودي ،كريمة (2017) ، الإغتراب في المجتمع الصناعي هربرت ماركيز نموذجا .
31) مبيض ، هبة خليل سعدى (2010)، اللاجئون الفلسطينيون بين الاغتراب والاندماج السياسي "دراسة حالة مخيم بلاطه" الماجستير في التخطيط والتنمية السياسية بكلية الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية في نابلس _ فلسطين،
32) عبدالله ، يحيى (2005)، الاغتراب " دراسة تحليلية لشخصيات الطاهر بن جلون الروائية " ، المؤسسة العربية للدراسات و النشر ، بيروت –لبنان .
33) Hsieh & Shannon , Three Approaches to Qualitative Content Analysis . SAGE . VOl.15 No .9.November 1277-1288